# شیعر بە ڕیتمی سەما

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا🌷....

---

شیعر بە ریتمی سەما
عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا
سەرچاوەی ریتم وەك وشە و زاراوە بۆ شیعری گریكی و لاتینی دەگەڕێتەوە، وەك چۆن لە پێكهێنانی زمانە ئەوروپییەكان رۆڵی هەیە.. بە دیوەكەی دیكەش ئەو دەستەواژەیە بە شێوەیەكی ورد بۆ موزیكا سازاوە.. لە هەموو ئەوانەدا (ریتم) وەك ناوەندیاری قسەكردن و هونەری میلۆدی و كۆمەڵێك بواری دیكە بە كار دەهێنرێت.
كاتێك قسە لە ریتم لە شیعری دلاوەر قەرەداغی دەكەم، قسە لە زەمەنێك دەكەم، مامەڵەكردن و بونیادی ئەو زەمەنە قسەی زۆر دەبات، ئەویش لە رێگای جۆری هەستیاری و هەژموونی ئەو شتانەی هەستیاریمان بە هۆی بیستنەوە دەوروژێنێ! بەڵام كاتێك قسە لە ئاستی زمان دەكەم، قسە لە ئاگایی مەعریفەی شیعری دەكەم، كە زمانی تا ئەو ئاستە بەرزكردۆتەوە...
كەواتە قسەكردنی یەكەمم پەیوەندی بە مرۆڤ و هەست و زەمەنەوە هەیە و (ئاگامەندی دەروونی) دەنوێنێ.. قسەكردنی دووەمم پەیوەندی بە زمانەوەیە و (ئاگایی مەعریفی) بەرجەستە دەكات ..
(1)
دلاوەر قەرەداغی لە ئاگامەندی دەروونییەوە هەستی لیریكی و سۆزی مرۆیی بە ویستی یەكێتی گوتن و یەكێتی دەروونەوە گرێ دەدات، بۆیە دەبینین ویستی گوتن بە سادەیی مانا و چێژەوە دەلكێنێت، بە مانایەكی دیكە جەوهەری ئاگامەندی دەروونی بە گوتنی جوان و ئاستەكانی ماناوە بەند دەكات و پێیوایە تایبەتمەندی جوانی مرۆڤ لە ژیاندۆستییەوە سەرچاوە دەگرێ، مرۆڤ دەژی بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو یەكێتی گوتن و مانا و ئاستەكانی ماناوە بنێت.. هەموو ئەوانە بە جۆرێك لە جۆرەكان بە هێزی ریتم و سەمای وشەوە دەلكێن، بەو مانایەش بۆ دۆزینەوەی ئاگامەندی دەروونی، سادەیی مانا و ئاستەكانی مانا و فرە رەهەندی ناوكۆیی وەك نیشانە بەرز دەكەینەوە ..
هێزی ریتم لە هونەری داڕشتندایە، واتە چۆن سەمای وشە و ئاستەكانی قوڵی مانا لە داڕشتندا رێكدەخات؟! شیكردنەوەی هونەری داڕشتن بە بونیادی دووبارەكردنەوە لە قەسیدەكانی شاعیردا دەپێوین، واتە لە رێگای دووبارەكردنەوەی پیت و وشە و دەستەواژە و زاراوە.. هەوڵدەدەم پێویستی دووبارەكردنەوە بە بونیادی دووبارەكردنەوەی ناوكۆیی ببەستمەوە! دەمەوێ بڵێم دلاوەر قەرەداغی لە رێگای بونیادی دووبارەكردنەوەوە زەنگی موزیكا و نەوای ریتم بە خوێنەران دەبەخشێ.. گرنگی ئەو روون كردنەوەیەش بە

گرنگی دەلالەت و ئاماژە، یان بە مانایەکی دیکە بە ئاستە بەرزەکانی مانا و مانا قووڵەکانی ژیانەوە دەبەستمەوە، هەموو ئەوانەش پەیوەست بوونی ناوکۆییەکان بەیەکەوە توندتر و دواجاریش بە دەقەوە بەندتر دەکات ..

زۆرجار شیعرییەتی سادە بە مانای تەمومژ و بە بواری نادیارەوە دەلکێ، کەچی شیعرییەتی مانای شەفاف لای دلاوەر قەرەداغی بە داڕشتنی وشە و سەماکردنی وشەوە بەندە و لە پشت ئەو جۆرە لە شیعرییەت مانا قووڵەکانی ژیان وەستاون.. لەو کۆپلەیەدا بڕوانە وشەی (دەشێ):

دەشێ ئەوە من نەبم کە ئێستا هەم
دەشێ دڵۆپێك باران بم
دەشێ نەخشێکی کاڵ بم بە کلیسایەکی کۆنەوە
)گەڕەکی شاعیران، ل33(

لێرەدا توانای دووبارەکردنەوەی وشەی (دەشێ) پێش ئەوەی بە ناوکۆییەوە پەیوەست بێت، بەر لەوەی پەیوەست بێ بە ریتم و بونیادی دەقەوە، بە (ئاگامەندی دەروونی) شاعیرەوە بەندە. ئەگەر دووبارەبوونەوە تەعبیر لە هەڵویستی شاعیر و دیدی شاعیر نەکات.. ئەگەر دووبارەبوونەوە پەیوەست بە هەست و هەڵچوونی دەروونی شاعیرەوە نەبێ، هیچ ئاوێتەبوونێك لەگەڵ بونیادی دەق و خوێنەردا دروست ناکات.. لێرەدا دەشێ بونیادی دووبارەبوونەوە لە دەقدا (مانا) بکاتە میلۆدی و بەرزی بکاتەوە بۆ پایەی فرە ڕەهەندی...

لە نێوان تۆ و چاومدا
ئەڵێم تۆ
ئاخر تۆ جوانتر دونیام پێشان ئەدەی
لە نێوان تۆ دڵمدا
هەر تۆ هەی
چونکە ئەو کاتەی ئەشمرم
تۆ لە نێو سینگمدا.. وەك دڵم لێئەدەی
)رۆژانێك من ئۆکۆردیۆنم دەژەند،ل11(

(2)

دەق قسان دەکات، واتە سیستمی زمان لە قسەکردندا بەرجەستە دەکات.. وەك دەزانین هەموو نەوەیەك سیستمی زمانی خۆی لەنوێوە دەسازێنێ، بەمجۆرە ئێمە هەمووان میراتگری فۆرمەلەکەرێکی نادیارین، بەڵام (کەس) قسان ناکات، قسەکەر لە چوارچێوەی سیستمێکدایە چ لە دەرەوە بێ، چ لە ناوەوە.. قسەکەر چارەسەری ئەو مانایە دەکات، کە دەیەوێت گوزارشتی لێبکات، ئەویش لە رێگای شیانەی گوزارشتکردنێك، کە زمان ملکەچی دەبێت!

کاتێ دەق قسان دەکات، لە قسەکردندا ئاگایی مەعریفەی شیعری بەرز دەکاتەوە، جەوهەری ئاگامەندی ئەو مەعریفەیش بە سیستمی نوێی زمان و گوتنی جوانەوە بەندە..

ئەوەش زمان لە فرە تێگەیشتنی بزوێنەر و دروستکەردا دەدۆزێتەوە، دەمەوێ بڵێم لە خودی هەر قسەکەرێکدا نێودژی جیاواز هەیە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی شیانی ئەو گوزارشتەی کە زمان ملکەچیەتی، ئاگامەندی مەعریفی هەر یەکێك لە قسەکەران بۆ خۆی چارەسەرێکی مامناوەندی نێودژییەکەیە ..
ئەگەر هێزی ریتم لە هونەری داڕشتندا بێت، ئەوە هێزی زمان قسان دەکات لە چارەسەری ئەو نێودژیەوە خۆی دەبینێتەوە، کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد.. کەواتە دەستەواژەی (چارەسەری نێودژی) هەمان مانای (هونەری داڕشتن) دەبەخشێت، بەڵام هونەری داڕشتن پەیوەندی بە ئاگامەندی دەروونییەوە دەکات و چارەسەری نێودژی پەیوەندی بە ئاگامەندی مەعریفییەوە هەیە، کەچی هەردووکیان خۆیان لە قوڵایی مانادا دەبیننەوە.
(3)
لە شیعری دلاوەر قەرەداغیدا دووبارەبوونەوە بە شێوازی جۆراوجۆر ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، هەندێك لە قەسیدەکانی بە تەواوی لە سەر بونیادی دووبارەبوونەوە وەستاون و لە دووبارەبوونەوەوە بە رەگەزە جیاوازەکانی شیعرەوە دەلکێن، هەمیشە لە پشت دووبارەبوونەوەی قەرەداغیدا پاڵنەرێکی هونەری و رێسای چێژ و جوانی ئامادەیە.. لە رێگای دووبارەبوونەیەشدا جگە لە کوتبڕی، بەهای دەلالی و جوانی لە ویژدانی وەرگر و خوێنەراندا دەنوێنێ و جۆرێك لە هەستکردن بە قووڵی و جوانی دەبینرێت .
بەڵام خەونبینی شاعیر لە نێوان ئاگایی دەروونی و ئاگایی مەعریفی دێت و دەچێت، بە هەردوو لادا دەشکێتەوە و ئاڵای سەرکەوتنی شیعری لە لایەنێکدا نابینێتەوە، ئەوەش بەپێی (تێگەیشتن)ی زمان، یان لە (فەشەلی تێگەیشتن) دروست دەبێت! واتە هەمیشە شاعیر پێش ئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە، دەکەوێتە نێو بوونی زمانەوە، ئەگەرچی ئەوە بەرەو خودگەری و شێوازگەریمان دەکاتەوە، بەڵام قسان لە خودگەریی و شێوازگەریی ناکەم، بەڵکو هەوڵدەدەم ئیشکالییەتی زمان وەك تەنیاییەکی گەورە بۆ تێگەیشتن، لە رێگای هارمۆنییەتی نێوان ئاگایی دەروونی و ئاگایی مەعریفی بخەمە روو.
زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، سیستمێکە یان تۆڕێکە لە ئاماژە، بابەتەکەی هەڕەمەکییە، یاسایەك دەستی بەسەرداگرتووە، تەنها لە رێگای تێگەیشتن لە تەواوی سیستمەکەوە نەبێ، ناشێ تێیبگەین.. بەڵام بە دیوەکەی دیکە سەرباری ئەوەی زمان سیستمە، بەڵام جیاوازییشە، چونکە ناشێ لە رەگەزەکانی زمان بگەین، تەنها لە رێگای بەراورد لەگەڵ رەگەزێکی دیکەی جیاوازەوە نەبێت. بۆ نموونە ناتوانین مانای وشەی (دوژمن) بزانین، تەنها لە رێگای بەراوردکردن بە وشەی (دۆست) نەبێ.. لەو قسانەوە دەشێ هەردوو چەمکی (هونەری داڕشتن) و (چارەسەری نێودژی) تەرجەمەی سەر (ئاگایی دەروونی) و (ئاگایی مەعریفی) بکەین! لێرەدا دەشێ بڵێم ناتوانین لە جەوهەری چەمکی ئاگایی دەروونی بگەین، تەنها لەگەڵ چەمکی هونەری داڕشتندا نەبێ.. لە هەردوو رووەوە زمان بە مانا جەوهەرییەکەی شیعرە ..

کەواتە لادان و خزینی زمان ناوێکی دیکەیە بۆ جێگیرنەبوونی ئەو خەونبینییە شیعرییەی لای شاعیر دەبینرێت:

تا دوا شەڕی ئەو قسانە لەوێ بووم
تا دوا چۆڕی ئەو خواحافیزیی و
تا دوا تنۆکی ئەو دڵنەوایی و
تا دوا گەڵای
ئەو رەقبوونەوە ناکاوەش!
)مەلەك رێحان، ل27(